Sorani



# بۆ تۆ کە بەم زووانە منداڵت دەبێت

خوێنی بەنی منداڵەکەت  دەتوانێت ژیان رزگار بکات

SAHLGRENSKA
UNIVERSITETSSJUKHUSET
VGR

مانگی یانزەی 2025

## ئایا حەز دەکەیت زۆرتر بزانی؟

تکایە پەیوەندی بە یەکێک لە مامانەکانمان:

تەلەفۆن بکە بۆ 031-343 63 10 یان ئیمەیل بکە بۆ
navelstrangsblodbanken@vgregion.se

لەم سایتەدا زیاتر بخوێنەوە:
www.sahlgrenska.se/su/navelstrangsblodbanken

لە ماڵپەرەکەدا زانیاریی بە ئەم زمانانە بەردەستە:
ئینگلیزی، فەڕانسەوی، سپانی، پۆڵۆنیایی، روسی، سەربۆکراوسی، تورکی، عەرەبی، فارسی، سۆرانی، سۆماڵی

SAHLGRENSKA
UNIVERSITETSSJUKHUSET
VGR

## خۆێنی بەنی ناوکی منداڵەکەت ببەخشە

ئایا دەتەوێت ببەخشیت؟ ئەمانە پڕ بکەوە:

تەندروستینامە
رەزامەندی

کە دەتوانیت لە ماڵپەڕەکەمانەوە دایبەزێنن و لە کاتی  چاوپێکەوتنی ناونوسکردنەکەدا لەگەڵ خۆتدا بیهێنیت.

هەروەها دەکرێت کاتێک ناوت تۆمار دەکەیت ئاگادارمان بکەیتەوە تا بەڵگەنامەکانت پێ بدەین.



## یارمەتیمان بدە با ژیانی مرۆڤەکان ڕزگار بکەین!

خوێنی بەنی ناوک تایبەتمەندیەکی بێوینەی هەیە کە بۆ پاراستنی ژیان بە کار دێت. بۆیە حکوومەتی سوید بڕیاری داوە کە پێویستە بانکێکی نەتەوەیی بۆ بەخشینی خوێنی بەنی ناوک لە سوید دابمەزرێنێت.

پاش لەدایک بوونی منداڵەکەت، ڕێژەیەکی کەمی خوێن لە ناو ئاوەڵمنداڵ و بەنی ناووکیدا ئەمێنێتەوە. بەم خوێنە، کە خانەی بنەڕەتیی خوێنی تێدایە، دەتوانێ لە ڕێگەی پەیوەندکردن یان چاندنی ئەم خانە بنەڕەتیانەوە بە کار بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو مرۆڤانەی کە تووشی نەخۆشیە کوشندەکان بوون. ئەم بەتایبەت بۆ دەرمانکردنی ئەو منداڵانە بەکار دەهێنرێت کە دوچاری شێرپەنجەی خوێن یان نەخۆشیەکانی دیکەی خوێن بوون. لە ئێستادا ئەم نەخۆشیانە لە ڕێگەی چاندنی خانەی بنەڕەتیی خوێنی مۆخی ئێسقانەوە چارەسەر دەکرێن بەڵام خوێنی بەنی ناوک دەتوانێت ڕێگەچارەیەکی زۆر باشتر بێت.

بەخشینی خوێنی بەنی ناوکی منداڵەکەت خۆویستانەیە و پێویستی بە ڕەزامەندی دایکوباوک یان .سەرپەرشتی یاسایی منداڵەکە هەیە.

**CECILIA LANGENSKIÖLD**
سەرپزیشک لە زانستی پزیشکیی منداڵان
بەڕێوەبەری پزیشکی لە بانکی نیشتمانیی خوێنی بەنی ناوک
نەخۆشخانەی زانکۆی سالگرێنسکا

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە، دەتوانی:

- پەیوەندی بە یەکێک لە مامانەکانمان بکە:

031-343 63 10
navelstrangsblodbanken.su@vgregion.se
Nationella navelsträngsblodbanken,
نەخۆشخانەی زانکۆی سالگرێنسکا
Diagnosvägen 15
416 85 Göteborg

- سەردانی www.sahlgrenska.se/su/navelstrangsblodbanken

# پرسیارە و وەڵامە گشتیەکان دەربارەی خوێنی بەنی ناوک

### چۆن خوێنی ناوک کۆ دەکرێتەوە؟

ئەم کۆکردنەوەیە لەماوەی ئەو نەشتەرگەریی سێزاریەنە کە پلانی بۆ دانروا ئەنجام دەدرێت و ئەمە بەو مانایە کە کاتێک منداڵەکە لەدایک دەبێت، پێش ئەوەی کە بەنی ناوک گیرەی لێ بدرێت و ببڕێت، دەرفەتی ئەوە دەدرێت کە خوێن بۆ ماوەی یەک خولەک لە هاوەڵی منالْدانەوە بۆ منداڵەکە بڕوات. ئەو خوێنەی کە لە ئاوەڵمنداڵدا دەمێنێتەوە کۆ دەکرێتەوە و هەڵدەگیررێت.

پزیشکی منداڵان و ژنان و زاین لە نەخۆشخانەی زانکۆی سالگرێنسکا بۆ کۆکردنەوەی خوێنی ناوک ڕەزامەندی دەردەبڕێت.

### به چە شێوەیەک لەگەڵ خوێنەکە و زانیارییەکان مامەڵە دەکرێت؟

خوێنی بەنی ناوک یان ئاوەڵمنداڵ دەنێردرێت بۆ بانکی نیشتمانیی خوێنی ناوک، لە نەخۆشخانەی زانکۆی سالگرێنسکا لە شاری یۆتوبۆری و لەوێدا خوێنەکە بەشێوەی فریزکراو دەپارێزرێت.

هەر کەسێک لە سوید یان دەرەوەی وڵات پێویستی بە چاندنی خوێنی ناوک هەبێت دەتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت.

مەرجە ئاساییەکانی پاراستنی زانیاری و نهێنیەکان کە لە سیستەمی چاودێریی تەندروستی نیشتمانیدا کاریان پێدەکرێت بۆ پاراستنی زانیارییەکانی تۆ و منداڵەکەت بەکار دەهێنرێت. زانیارییەکانی ئێوە شێوەیەک کۆنترۆڵ دەکرێن کە کارمەندانی ڕێپێنەدراو ناتوانن دەستیان پێی بگات

### ئایا هیچ تاقیکردنەوەیەک پێویستە؟

لەکاتی منداڵبووندا ئێمە نموونەیەک لە خوێنی تۆ وەردەگرین و تێستی دەکەین بۆ مەبەستی لەناوبردنی ئەو نەخۆشیە پەتاییانە کە لە ناو خوێندان و دەتوانن سەلامەتی ئەو نەخۆشە کە خوێنی ناوک وەردەگرێت بخەنە مەترسیەوە. هیچ نموونەی تێست لە منداڵەکەت وەرناگرین. زانیاریەکانی تایبەت بە سەلامەتی تۆ و منداڵەکەت تۆمار دەکەین و دەیپارێزین بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانین ئەو کەسانە بدۆزینەوە کە ئەم خوێنە بۆیان گونجاوە.

ئەگەر هاتوو تاقیکرنەوەی خوێنی تۆ یان خوێنی بەنی ناوکی منداڵەکەت شتێکی نائاسایی نیشان بدات پەیوەندیت پێوە دەکەین و بۆتی روون دەکەینەوە کە چییە.

هەروەها پێویستە ئێمە وڵاتی ڕەچەڵەکی تۆ و باوکی منداڵەکەت بزانین. ئەمە یارمەتیمان دەدات کاتێک کە پێویستە جۆری شانەی خوێن دیاری بکەین و کاتێک دواتر کە بڕیاڕ دەدەین ئایا خوێنی ناوکی منداڵەکەتان بۆ نەخۆشێکی تایبەت گۆنجاوە یان نە.

### ئایا هیچ ڕێگریەکی ئایینی هەیە؟

نوێنەرانی سەرەکی کۆمەڵە ئایینە سەرەکیەکان لە سوید، واتە کلیسە مەسیحیە جیاوازەکان، کۆمەڵگای جوولەکە و موسڵمانان، لە ڕوونکردنەوەیەکی هاوبەشدا، ڕایانگەیاندووە کە ئایینەکانی ئەوان پاڵپشتی لە بەخشینی خوێنی بەندی ناوک دەکەن.

### ئایا ئەم کارە هیچ مەبەستێکی ئابووری هەیە؟

نەخێر. بانکی نیشتمانی خوێنی بەنی ناوک ڕێکخراوێکی سوودنەخوازە.
بانکی خوێن ناوەندێکی دەوڵەتی و گشتیە و ڕێگە نادرێت خوێنی ناوک بۆ بەکارهێنان لەلایەن کەرتی تایبەت کۆ بکرێتەوە.

### ئایا هەمیشە دەتوانم خوێنی ناوک پاشکەوت بکەم؟

لە ئێستادا، ئیمە هەلی ئەوەمان نییە کە لە 24 کاتژمێری ڕۆژدا خوێنی بەنی ناوک پرۆسێس بکەین. هەندێ جار، لەوانەیە پاشماوەی خوێنی بەنی ناوک پاش لەدایکبوونی ئەوەندە کەم بێت کە بەشی چاندن نەکات. ﷲو بارودۆخانەدا کە بڕی خوێنەکە کەم بێت، لەوانەیە خوێنە بەخشراوەکە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە بەکار بهێنرێت. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە هەمیشە لەلایەن کۆمیتەی ئاکاریی ناوچەکە پەسەند دەکرێت و پێویستی بە ڕەزامەندیی تۆیە کە خۆێنەکە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە بەکار بهێنرێت یان نە.

### چۆن دەتوانم ڕەزامەندی خۆم بۆ بەخشین ڕابگەیەنم؟

لەڕێگەی پڕکردنەوەی دوو فۆرمی: نامەی تەندروستی و نامەی ڕەزامەندی، پشتڕاستی دەکەیتەوە. ئەمانە دەتوانن لە ماڵپەڕەکەمانەوە دابەزێنن یان لە کاتی چاوپێکەوتنی ناونوسکردندا پڕبکرێنەوە.

مامانەکانی بانکی خوێنی ناوک بەشداری چاوپێکەوتنی ناونوسکردن دەکەن و تۆ ئەم دەرفەتت هەیە سەبارەت بە بەخشینەکە پرسیار بکەیت.